## لە پەراوێزی نامەیەکی شێخ مەحموودی نەمر بۆ بەگزادەکانی ئاڵمانەی مەریواندا

نووسینی: سەباح مەلا عەبدوڵا



سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیی شێخ مەحموودی نەمر و خەڵکی مەریوان و هەورامان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٠ ی زایینی کە شێخ بۆ سەندنەوەی تۆڵەی کوژرانی باوکی واتە "شێخ سەعیدی شێخ محەمەدی حاجی شێخ کاك ئەحمەدی سلێمانی" هاتە ئەم ناوچەیە و لەوێوە هەندێ چالاکی سەربازی دیکەشی ئەنجام دا. لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە ڕووس لە کوردستانەوە هێرشی کردە سەر عوسمانی (١٩١٨-١٩١٤) ئەو پەیوەندییەش چڕتر و گەرمتر بوو و مەریوانییەکان چوونە ناو ئەو بەرەیەی شەڕەوە کە شێخ فەرماندەیی دەکرد. پاشان لە هەر سێ شۆڕشەکەی شێخدا خەڵکی مەریوان و هەورامان ڕۆڵێکی بەرچاو و حاشاهەڵنەگریان بووە. لە دوای ڕووخانی سێهەمین حکوومەتی شێخ، خۆی هاتە ئەو ناوچەیە و ئیتر بە کردەوە لە نێوان ساڵەکانی (١٣٠٩-١٣٠٤ هەتاوی / ١٩٣١-١٩٢٥ زایینی)دا، مەریوان بووبووە مەکۆی هەڵگرسانەوەی ئەو شۆڕشە و زۆربەی ئەو پێنج شەش ساڵە شێخ و نزیکانی لە دەڤەری مەریواندا دەمانەوە.


پاش خۆبەدەستەوەدانی شێخ و دامرکانی ئەو خەباتە، لە ترسی ئەوەی نەکا هاوپەیمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی شێخ لە ڕۆژهەڵات شۆڕشێکی نوێ هەڵبگرسێنن، لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە بە "بەگزادەگیران" ناودێر کراوە (کۆتایی ١٣٠٩ هـ/ ١٩٣١ ز و ناوەڕاستی ١٣١٠ / ١٩٣٢) هەموو سەرۆک هۆز و کەسایەتییە دیارەکانی ڕۆژهەڵات لە هێڵی مەریوان_قەسریشیریندا لە لایەن حکومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی پەهلەوی یەکەمەوە یەخسیر کران و زۆربەیان ئیعدام کران یان لە زیندانەکاندا کۆچی دواییان کرد و ژمارەیەکی کەمیان دوای ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەزا شا (شەهریوەری ١٣٢٠ / ئەیلوولی ١٩٤١) گەڕانەوە بۆ کوردستان.

بێگومان بەگزادەکانی گوندی ئاڵمانەش وەکوو خەڵکانی دیکەی ناوچەی مەریوان، پەیوەندییان لەگەڵ شێخ و شۆڕشەکەیدا هەبووە و تەنانەت شێخ مەحموود و شێخ لەتیفی کوڕی سەردانی ئاڵمانەیان کردووە. بەڵام سەبارەت بە ئاست و چۆنیەتیی پەیوەندیی شێخ و بەگزادەکانی ئاڵمانە و بەتایبەت ڕادەی بەشدارییان لەو شۆڕشەدا، وەکوو زۆر شتی دیکەمان، ئەم باسەش تۆزی تۆمارنەکردن و لەبیرچوونەوەی لێنیشتووە و تەنیا لە ڕێگەی هەندێ ئاماژەوە دەتوانین وێنایەکیان لێبکێشین. لەوانە:

- کاتێ کە شێخ لە ١٩٢٧/١٣٠٤ دا لە گوندی چۆڕی مەریوان بووە، حاجی فەرەجوڵا بەگی ئاڵمانە یەکێک لەو سەرۆک هۆزانەی ناوچە بووە کە لەوێ بە خزمەتی گەیشتووە و پەیمانی لەگەڵ بەستووە. (١)
- بەگزادەکانی ئاڵمانە خزمایەتیی نزیکیان بووە لەگەڵ مەحموود خانی دزڵیدا (٢) کە مەزنترین و وەفادارترین هاوپەیمانی شێخ مەحموودی نەمر بووە و بەم هۆیەهوە دەبێ ئەوانیش تێکەڵی ئەو هاوکاری و هاوپەیمانییە بووبن.
- هاتوچووی یەکتر و نامە گۆڕینەوەکانیان لەگەڵ شێخدا.
- قوربانیدانیان لە پرۆسەی نەگریسی بەگزادەگیراندا (٣).

بنەماڵەی بەگزادەکانی گوندی ئاڵمانەی مەریوان، کە سەر بە بەرەبابی مستەفاسوڵتانیی هۆزە بەگزادەی سانەکانی هەورامانن؛ ناسراوتر لەوەن کە پێویست بکات لەم دەقەدا بناسێنرێن. تەنیا ئاماژە بەوە دەکەم کە یەکێک لەو دەگمەن بنەماڵانە بوون کە لانیکەم بە درێژایی هەموو سەدەی بیستەم، ڕۆڵێکی کارا و دیاریان لە ڕووداوەکانی ناوچەدا گێڕاوە و لە ناوجەرگەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکاندا بوون و نرخێکی یەکجار زۆریان لە پێناوی ڕزگاریی نیشتماندا داوە و چەند شەهیدیان پێشکەش بە کوردستان کردووە.

لێرەدا و لە مەتەرێزی نامەکەی شێخ مەحموودی نەمرەوە، هەوڵ دەدەم چەند سووچێکی لێڵی مێژووی مەریوان بپشکنم و دوو کەسایەتیی بەڕێز و چالاکی خانەدانی مستەفاسوڵتانی کە بەردەنگی نامەکەی شێخن، بەسەر بکەمەوە.



**دەقی نامەکە و ناونیشانی سەر پاکەتەکەی:**

آقای شریف بگ و رشید بگی المانه

تقدیم است

یا هو

برادری محترم آقای شریف بگ

تقدیم

بعد از تقدیم احترام

خواهشمندم که امشب یا فردا

صبح خیلی مستعجل تشریف با نژمار

بیاین و هیچ معذرت قبول نیست

رجا دارم که آدمی دیگر برای مادیان

شیخ عثمان بفرستادی و خبر بدهی

با اغای حسن خان رزاو

برای ملاقات فردا به نژمار

بیایت تکرار خواهشدارم

امشب ادمی خود را بفرستی با رزاو

....

شیخ محمود ...

واژۆ

بەداخەوە ئەم نامەیە ڕێکەوتی نووسینی لەسەر نیە و ڕووداوەکانی ناوچەی مەریوانیش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بە چەشنێک کەڵەکە بوون کە سەردەرکردن لێیان یەکجار ئەستەمە و زەحمەتە بتوانین مێژوویەک بۆ ئەم نامەیە دەستنیشان بکەین. هەروەها لە هیچ سەرچاوەیەکدا هیچ زانیارییەکم دەستنەکەوەت سەبارەت بە هۆکار، بەشداربووەکان، تەوەر و ئاکامی ئەو کۆبوونەوەیەی گوندی نژمار لە دەڤەری مەریواندا کە بابەتی نامەکەیە.

بەم گریمانەیەوە کە پردی پەیوەندیی نێوان شێخ مەحموودی نەمر و فەرەج بەگی سەرۆک هۆز، کوڕە گەنجەکانی بووبێتن؛ لەوانەیە ئەم نامە لە کۆتاییەکانی مانەوەی شێخ لە مەریواندا نووسرابێ، واتە دەوروبەری ساڵی ١٣٠٩ / ١٩٣٠ چوونکە تەنیا بەو جۆرە لەگەڵ تەمەنی لاوێتیی حەمەڕەشید بەگدا (وەکوو یەک لە بەردەنگەکان) دێتەوە کە مەزندە دەکرێ لەو کاتەدا گەنجێکی ١٤/١٥ ساڵان بووبێ! نووسەری بەڕێز کاک ڕەشاد مستەفاسوڵتانی کوڕی حەمەڕەشید بەگ پێیوایە: "تەقریبەن حدودی ساڵی ١٩٤٤ یا ١٩٤٥ی زاینی کە دەکاتە ساڵی ١٣٢٤ یا ١٣٢٥ی هەتاوی نوسراوە" ئەمەش واتە لە سەردەمێکدا کە فەرج بەگ و کوڕە گەورەکەی واتە حەمەعەلی بەگ لە ژیاندا نەماون و بەرپرسیارێتیی بنەماڵە کەوتۆتە سەر شانی شەریف بەگ کە کوڕی دووهەمی فەرەج بەگ بووە و ڕەشید بەگی برایشی وەکوو ڕاوێژکار یارمەتیدەری بووە.

ئەگەرچی لەسەر پاکەتی نامەکەدا نووسراوە: بۆ شەریف بەگ و ڕەشید بەگی ئاڵمانە، بەڵام بەردەنگی ناو نامەکە تەنیا شەریف بەگە. لەم نامەیەدا شێخ داوا و زۆرێک جەختیشی کردووە کە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەکدا، سبەی بێن بۆ گوندی نژمار (هەر ئەمشەو یان بەیانی زوو ڕێبکەون و هیچ بیانوویەک نەهێننەوە) هەروەها تیایدا هاتووە کە ئیمشەو کەسێک بنێرن بە دوای حەسەن خانی ڕەزاویشدا و هەواڵی پێبدەن کە ئەویش دەبێ بەشداری بکا لەو دانیشتنەی نژماردا.

وەک ئەوەی پەیامنێرەکە کەسێک بە ناوی شێخ عوسمان بووبێ و ئەویش بە سواریی مایین ئەو نامەیەی گەیاندبێ، تیایدا هاتووە: تکایە یەکێک لە پیاوەکانی خۆتان بە هەمان ماینی شێخ عوسماندا بنێرن بۆ ڕەزاو کە ڕاسپاردەکە بگەیەنێ بە حەسەن خان. ئەڵبەت لەبەر ئەوەی کە فارسییەکەی کۆنە و لە ڕووی ڕستەسازییەوە ناتەواوە، دەکرێ بەم شێوازەش بخوێنرێتەوە: پیاوێکی تریش بنێرن بۆ ماینەکەی شێخ عوسمان! بەڵام لەم خوێندنەوەیەدا نادیارە کە مەبەست لە ناردنی ئەو کەسە بۆ هێنانەوە یان بۆ بردنەوەی ئەو ماینەیە؟ هەروەها ڕوونیش نەکراوەتەوە کە لە کوێوە بۆ کوێ بێت؟ هەر بۆیە ئەگەر "ماینەکەی شێخ عوسمان" جۆرە ڕەمزێک و کودێکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی کارێکی تایبەت نەبێ، من خوێندنەوەی یەکەم بە گونجاوتر دەزانم لە خوێندنەوەی دووهەم.

لە وتوێژم لەگەڵ کاک ڕەشاددا، سەبارەت بەم شێخ عوسمان ناوە وتی: "ڕەنگە مەبەست ئەو شێخ عوسمانە بێت کە خەڵکی عەبابەیلێ و موریدی شێخ مەحموود بووە. ئاغەواتی دزڵی لەگەڵ عەبابەیلێییەکاندا بە هۆی ژن و ژن خوازییەوە خزمن و بەم هۆیەوە شێخ عوسمانیش هاتوچووی دزڵی و ناوچەی مەریوانی کردووە و پێدەچێت لە ئاوایی چۆڕدا مابێتەوە و شێخ مەحموود ویستبێتی بەگزادەکانی ئاڵمانە وەسیلەی هاتوچۆی شێخ عوسمان بۆ گەیشتن بە کۆبونەوەکەی ئاوایی نژمار دەستەبەر بکەن."

**کورتە ناساندنێکی ئەو کەسایەتییانەی لە نامەکەدا ناویان هاتووە:**



حەمەشەریف بەگی ئاڵمانە

١- **شەریف بەگ** (حەمەشەریف بەگی ئەڵمانە) کوڕی دووهەمی حاجی فەرەجوڵا بەگی کوڕی مستەفا سانی هەورامی (مستەفا سوڵتان)، یەکێک لە دیلکەکانی ئاڵمانە بووە لە بەگزادەگیراندا. جارێک بە بێ پرسی باوک و براگەورەکەی، لە زیندانی داموغانەوە هەڵدێ و خۆی دەگەیەنێتەوە کوردستان، بە نیاز دەبێ کە شەڕێکی چەکدارانە دژی حکومەتی ڕەزا شا ڕێکبخات، بەڵام لە گوندی زونج لە ناوچەی کەلاتەرزان دەگیرێ و دیسان بەرەو زیندانی داموغان ڕەوانە دەکرێتەوە.(٤)

پاش گەڕانەوەی یەکجاریی بەگزادەکان لە زیندان، حەمەعەلی بەگ کوڕی گەورەی فەرەج بەگ دەبێتە سەرۆک هۆز، بەڵام زیندان و سەختیەکانی هێندە کاریگەریی ڕووخێنەریان لە سەر جەستە و ڕۆحی دانابوو کە تەنیا دوو سێ ساڵێک بە ئازادی ژیا و کۆچی دوایی کرد و ئیتر هەموو بەرپرسیارێتییەکان کەوتە سەر شانی حەمەشەریف بەگ.

"حەمەشەریف بەگ کەسایەتییەکی خوێندەوار و تێگەیشتوو و ڕووناکبیر بووە، لەسەر ئەرک و وێری ئەو یەکەمین قوتابخانە لە گوندی ئاڵمانەدا دامەزرا و یەکەمین مامۆستای ئەم قوتابخانەیەش حەمەڕەشید بەگی برای بوو." (ایلات و عشایر کردستان، عبدالحمید حیرت سجادی، ل٢٠٥)

لە ماوەی بەگزادەگیراندا حەمەڕەزا بەگی نێ (کەسایەتیی دیاری هۆزی بەگزادەی فەتالی بەگی و باوکی شۆڕشگێڕی شەهید مەنسوور ئەحمەدی) جووڵانەوەیەکی چەکداریی لە دژی حکومەتی پەهلەوی ڕێکخستبوو. ناوبراو هاوڕێیەتیی نزیک و ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیشی لەگەڵ هەر دوو کەسایەتی کاریگەر و چالاکی ئەو سەردەمانەی ناوچەکە حەمەڕەشید خانی بانە و سەید عەتا کەلدا بووە. چالاکییەکانی حەمەڕەزا بەگ بە ڕادەیەک تەنگی بە حکوومەت هەڵچنیبوو، کە دەسەڵات ناچار بوو کۆتایی ڕەزبەری ١٣٢٠/ ئۆکتۆبری١٩٤١ لەگەڵیدا دابنیشێ و ڕێکەوتن بکات. سەرلەشکر (لیوا) مەحموود ئەمین فەرماندەی وەختی ئەرتەشی ئێران لە پارێزگای سنە، لە بیرەوەرییەکانیدا لە چەندین لاوە شانبەشانی حەمەڕەزا بەگی نێ، ناوی حەمەڕەشید بەگی ئاڵمانەشی هێناوە و دەیگێڕێتەوە: "لیژنەی ئەو دانوستانە بە نوێنەرایەتیی مەریوان و هەورامان و کۆماسی، بریتی بوون لە حەمەڕەزا بەگ و حەمەڕەشید بەگی ئاڵمانە و مەحموود بەگی لێو. ئەم سێ کەسە بە هێزێکی نزیکەو دوو هەزار کەسییەوە لە مەریوانەوە هەتا نزیکی سنە هاتبوون."

لەو ڕووداوەدا مەحموود ئەمین بە ئاگاداریی بریتانییەکان دەچێ بۆ لایان و داوایان لێدەکا دەستڕاگرن و وتوێژ بکەن. ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن: "ئێمە بڕوامان بە بەڵێن و سوێند (قەسەم خواردن بە قورئان)ی ئێرانییەکان نەماوە." پاشان مەحموود ئەمین (کە پۆستەکەی لەو کاتەدا فەرمانداری نیزامیی پارێزگای کوردستان/سنە بووە) دەستبەسەر دەکەن، هەتا فەرمانداری بریتانی ناوچەکە بە ناوی سەرهەنگ ڕیچ خۆی دەچێ بۆ لایان و لە گوندی نەوەڕەی سنە و بە چاوەدێریی ئایەتوڵا مەردۆخ کۆدەبنەوە. مەریوانییەکان ئەم سێ خاڵە وەکوو داواکاریی دەخەنە بەرباس و دەڵێن: "ئەم خواستانەمان بگەیەنن بە تاران و بەرپرسانی بریتانی:

١ مەحموود خان کانیسانان (و باقی گیراوەکان) ئازاد بکرێن


٢ هیچ فارسێك (بەرپرس و فەرمانبەر و هێزی چەکدار) لە کوردستان نەمێنێ

٣ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیمان دەوێ (دامەزران، ڕاگەیاندن و دانپێدانان)"

(خاطراتی از عملیات نظامی در آذربایجان، کردستان و بلوچستان ١٣٠٢ تا ١٣٢٠ شمسی، محمود امین، ل ٣٩٩)

شایانی باسە لە گێڕانەوەکانی نووسەری ئەو کتێبەدا وا فام دەکرێ کە ئەو هێزە بە مەبەستی گرتنی پادگانی ئەرتەش و ڕزگارکردنی شاری سنە چووبێتن. چونکوو دەڵێ: "بەرزاییەکانیان گرتبوو، ئارایشێکی دوژمنکارانە و هێرشبەرانەیەن بەخۆوەگرتبوو، پۆلێکی سەد کەسیشیان لە نزیکەو هەزار میتریی بنکە نیزامییەکانی ڕۆژاوای شاری سنەدا جێگیر بووبوون." (هەمان سەرچاوە، ل٢٠١) هەروەها پێشتر لەمە، باسی ئەوەی کردووە

کە ئەوان لە مەریوان و هەوراماندا حکومەتیان بە تەواوی ڕاماڵیبوو و دەستیان بەسەر چەکوچۆڵی سەرجەم بنکە سەربازییەکاندا گرتبوو و ناوبانگی ئەو چالاکییانەش ورەی سەربازەکانی ڕژیمیان لە سنەدا بە تەواوی دابەزاندبوو.
ئاستی بەرزی داواکارییەکانی ئەو کەڵەپیاوانە و ئەو سام و شکۆیەی کە بە گێڕانەوە پڕ لە سووکایەتییەکەی مەحموود ئەمیندا دیارە چۆن زراوی داگیرکەریان تۆقاندووە و ئەو دەسەڵاتە سەرەڕۆیەیان خستووەتە لەرزە؛ شایانی تێڕامان و خەسارناسییە. بەڵام بەداخەوە ئەم جووڵانەوەیە لە لایەن لێکۆڵەرانی کوردەوە هیچ ئاوڕێکی لێنەدراوەتەوە.
کاک ڕەشاد لەم بارەیەوە وتی: "بێگومان ئەم حەرەکەتە سیاسی_کۆمەڵایەتییە، باری میللی_نەتەوایەتی و سیاسیی پێشڕەوانە و عەداڵەت خوازانەی هەبووە و ئامانجی دەستەبەر کردنی ئازادی و شێوەیەک لە ڕزگاری و ئیستقلال بووە. لە ناوەڕۆکدا ئامانجی بەرز و سەربەخۆیی هەبووە، هەرچەند لە فۆرمێکی لاواز و بەشێوەی کرچ و کاڵدا مەترح کراوە. ئەم بزووتنەوە وەزنی قورسی سیاسی هەبووە و زۆر خاڵی پۆزیتیڤ و بەرجەستەی تێدا بووە. بەجۆرێک لە جۆرەکان و ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەری دامەزراندانی کۆماری مەهاباد بووە. ئەرتەشی ئێران کە سەرکوتی فراوانی جەماوەری کوردی دەکرد، بەم حەرەکەتە سیاسییە زۆر کز و لاواز بوو و ئەم حەرەکەتە نەیهێشتووە ئەرتەش دژی شارۆمەندانی کورد جەنایەتی زۆرتر بکات."
کاک ڕەشاد بیرۆکەی دامەزرانی ئەم جووڵانەوەیە و چارتی سازمانییەکەی بەمجۆرە باسکرد: "حەمە شەریف بەگ پاش گەڕانەوەی لە زیندان خێرا لە گەڵ ناڕازیانی کۆماسی و مەریوان و هەورامان پەیوەندی گرت و هێزێکی نیزامی چاکی سازمان دا، خۆی وەک ڕێبەر و باوکم و حەمەڕەزا بەگی نێ یارمەتیدەری بوون. پەیوەندییەکانی ئەو هێزە لەگەڵ دانیشتوان و ئەشرافی شاری سنە، هێزی ئێنگلیزی و فەرماندەی ئەرتەش و هتد لە ئەستوی باوکم بووە کە بە نامە و یا حوزووری، دیدارەکانی ڕێکدەخست و بڕیارنامەکانی دەنووسییەوە. (واتە حەمەڕەشید بەگ ڕاوێژکار و بەرپرسی پەیوەندییەکان بووە.) جەنابی حەمەڕەزا بەگی نێ کە مرۆڤێکی تێگەیشتوو، خاوەن متمانە، کوردپەروەر، سیاسی، بوێر و بەشەهامەت بووە، لە هەموو ڕووداوەکاندا بەشدار بووە و ئەویش لە پێگە و ئاستی بەرزی ڕێبەریدا بووە و هاوبیری ڕێبەری بزووتنەوەکە بووە."
سەرەڕای ئەوەی کە بزووتنەوەکانی بانە و مەریوان و هەورامان و هتد لەو قۆناغەدا خاوەنی پێگەیەکی ئەستووری کۆمەڵایەتی و هێزێکی ئازا و پڕچەک بوون کە پوتانسیەلی سەربازیی بەرزیان هەبووە و لە بەرانبەریشدا حکومەتی ناوەندی هەرگیز دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەو ناوچانەدا نەبووە و هەر کاتێک هێرشی کردبێ، شکستی خواردووە؛ بەڵام نەبوونی پلان و پلاتفۆرمێکی تۆکمە و ڕێبەریی یەکپارچە و واحیدی تەشکیلاتی، ئەو هەموو وزە و ئیرادە و هەڵوێستە نیزامی و سیاسییانەی بێدەسکەوت کرد و بەتایبەت ڕووخانی کۆماری کوردستان و کۆمەڵێک ڕووداوی تاڵی یەک لەدوای یەکی دیکە، دەستیان دا بە دەستی یەکترەوە بۆ ئەوەی جووڵانەوەکان دامرکێن، لەوانە:
حەمەڕەشید خانی بانە پاش ئەوەی لە سەرەتای پاییزی ١٣٢٢ / ١٩٤٣ دا ڕژیم لە هێرشێکی بەربڵاوی زەمینی و ئاسمانییدا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لێسەندەوە، چالاکییەکانی بەرتەسک بووبووەوە و جگە لەو ماوە کورتەی کە لە کۆماری کوردستاندا ژێنراڵ بوو، دەرکەوتنێکی ئەوتۆی لە ڕۆژهەڵاتدا لێوەنەبینرا.
[مەحموود خانی کانیسانان](#) ئەگەرچی پاش بەگزادەگیران بە پلەی سەرگورد (ڕائید)ییەوە وەکوو "فەرمانداری نیزامیی مەریوان" دیاری کرابوو، بەڵام کارشکێنیی و بێبەڵێنییەکانی ڕژیم وایلێکردبوو کە بەردەوام لە شەڕ و پاشەکشێ دا بێ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا و دواجار لە کۆتایی پاییزی ١٣٢٤ / ١٩٤٥ خۆیبەدەستەوەدا و بێسەروشوێن کرا.
مەحموود خانی دزڵی بەهاری ١٣٢٥ / ١٩٤٦ لە کەلی مڵەخوردی نزیک دزڵی لە پیلانێکی دزێودا بە دەستی ئەفسەرێکی شا دەرمانخوارد کرا و پاش نۆ ڕۆژ شەهید بوو.
حەمەڕەزا بەگی نێ بەهاری ١٣٢٦ / ١٩٤٧ لە نزیک گوندی سێفی خواروو شەهید کرا و چەندین هەفتە ڕژیم دەستی بەسەر تەرمەکەیدا گرت و تەنیا بەو مەرجەی کە گۆڕبزر بێت، هێشتبوویان نیوەشەوێک بە بێ کێل و ناونیشان بنێژرێت.
بەرەبەرە جمگەکانی دەسەڵاتی پەهلەوی کوڕ قایمتر دەبوو و چەند ساڵێک دواتر ساواک بنیات نرا (١٣٣٥ / ١٩٧٥) و هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی سیاسی و ئازادیخوازانە لە کوردستان و مەریواندا کپ کرا.



حەمەڕەشید بەگی ئاڵمانە

٢- **ڕەشید بەگ** (حەمەڕەشید بەگی ئەڵمانە) کوڕی حاجی فەرەجوڵا بەگ و باوکی سەرکردەی شەهید "کاک فوئاد مستەفاسوڵتانی"یە. لە حوجرەی ئاڵمانە و قوتابخانەی سەرەتایی گوندی ڕەزاو و مەدرەسەی شاپووری سنە دەرسی خوێندووە و پاش تەواو کردنی خوێندن بووە بە مامۆستای قوتابخانە و چەند ساڵێک لە ئاڵمانە و دێهاتەکانی دیواندەرەدا دەرسی وتووەتەوە.

لە کاتی بەگزادەگیراندا زۆربەی بنەماڵە بەندکراوەکانی ناوچە، موڵک و ماڵ و داراییەکانیان لە لایەن ڕژیم و دەست و پێوەندەکانییەوە تالان کرا و سەرەڕای ئەوەش ڕێگەیان نەدا کە ژن ومنداڵیان لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا دابنیشن و بە زۆرەملی بۆ گەڕەکی "خانە شاری" لە مەریوان ڕاگوێزران. حەمەڕەشید بەگیش لە ئاوا دۆخێکدا ئەو ماوەیەی ژیانی لە شاری مەریواندا بەسەربرد.

حەمەڕەشید بەگ کەسایەتییەکی زیرەک و بەهەڵوێست بووە و بە وردی چاوی لەسەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر بووە. لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا پەیوەندی بووە، لەوانە: گۆڤارە کوردییەکان، ڕۆژنامەی کوهستان کە لە تاران چاپ و بڵاو دەکرایەوە (٥) و ڕادیو BBC (قسەکانی دڵی و ڕەخنەکانی بە ناوی منداڵەکانییەوە وەک فایزە و ماجید دەنووسی و دەینارد بۆ ئەو ڕادیۆیە و بڵاودەبوەوە.)

کاک ڕەشاد بابەتێکی زۆر سەیری پەیوەندیدار بە ناوچەکە و باوکی، گێڕایەوە بۆم کە لەو شتە دانسقە و پڕبایەخانەیە کە بەداخەوە تەنیا لە زاکیرەی گەورەماڵەکاندا ماوە و نەنووسراوەتەوە و خەڵکیتر بەو شێوەیەی کە پێویستە، نایزانن و لێیبێئاگان. بە وتەی بەڕێزیان: "وەک چۆن هەلی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ناوچەی موکریاندا، بە هۆ و سیاسەتی ڕووسەکانەوە هاتبووە ئاراوە؛ ئیگلیزیەکانیش دەیانویست لە بەشێکی دیکەی کوردستان و بە دیاریکراوی ناوچەکانی مەریوان، سنە، بانە، سەقز، پاوە و نەوسوودا، چەشنێک خودموختاری و دەسەڵاتی خۆجێی دامەرزێ. ئینگلیزیەکان لە عیراقەوە ڕێبەریی ئەم پلانەیان دەکرد، هەر بۆیە باوکم و جەنابی حەمەڕەزا بەگی نێ لە شاری مریوان بە دەنگ و هەڵبژاردنی بەڕیوەبەرانی ناوچەکە هەڵبژیردران و بۆ دیداری ئینگلیزییەکان بەرەو هەڵەبجە و خورمال و سەیسادق سەفەریان کرد. ئینگلیزییەکان وەعدەی هاوکاریان دابوو و چەند ڕۆژ لە نوێنەرانی هەورامان و مەریوان پێشوازیان کردبوو. تەنانەت چەند پەردە عەکسیان لە باوکم و هاوڕێکەی و بەرپرسانی ئیگلیزی گرتبوو کە تا کاتێ کە ساواک بە دەسەڵات نەگەیشتبوو، ئەو عەکسانە لە ژووری دانیشتنی باوکم مابوون و هەڵواسرابوون. بەڵام کاتێک زلهێزەکان لە سەر نەوتی شیمال و جنوبی ئێران یەکیانگرت، هەم یارمەتی کۆماری مەهابادیان بڕی و هەم لە بەڵێن و وەعدە و هاوکاری بۆ خودموختاریی ناوچەی ئەردەڵان پاشگەز بوونەوە."

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەی کاک ڕەشاددا و بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی زیاتر لەو بارەیەوە، لەگەڵ هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم کاک چەکۆ ئەحمەدی کوڕی شەهید مەنسووری حەمەڕەزا بەگی نێ پەیوەندیم گرت. ئەویش وتی: "حەمەڕەزا بەگ جگە لە دانیشتنەکەی نەوەڕە، لە کرماشان و باشووری کوردستانیشدا چەند جارێک لەگەڵ بەرپرسانی ئینگلیسی کۆبووەتەوە، تەنانەت جارێکیان ئەفسەرێکی ئینگلیسی چووە بۆ سەردانی باپیرم لە گوندی نێ و لە کاتی بەڕێکردنیدا کوڵە بڕنەوێکی بە دیاری بەو میوانەی بەخشیوە! بەڵام بە هۆی ئەوەی کە سێ جار ماڵی حەمەڕەزابەگ سووتێنراوە و باوکم و باپیرم هەرکامیان بە جۆرێک گرێدراوی ڕاپەڕین و خەباتەکانی سەردەمی خۆیان بوون و هیچکات ژیانێکی ئارام و سەقامگیریان نەبووە؛ وێنە و بەڵگەیەکمان لەو دیدارانە نیە و نازانین ناوەرۆکی ئەو چاوپێکەوتنانە چی بووە؟"

ماوەیەک پاش هاتنەسەرکاری کۆماری سێدارەی ئیسلامی و فیداکاری و گیانبازیی کەموێنە و مێژوویی ڕۆڵە دلێر و قارەمانەکانی بنەماڵەی مستەفاسوڵتانی دژ بەو ڕژیمە؛ حەمەڕەشید بەگ پەیوەست بوو بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە و لای پێشمەرگەکانی کۆمەڵە گیرسایەوە. دواجار چوو بۆ ئوروپا و چەند ساڵێک وەک پەنابەری سیاسی لە سوید ژیا. هەتا خەزانی پیری، زیاتر دەروازەی ژیانی دەکوتا، ئەویش لە دوورەوڵاتی و غەریبی و بێهاودەمی زۆرتر بێتاقەت دەبوو. بۆیە بڕیاری دا بەرەو کورستان و مەریوان بگەڕێتەوە. ئەم باوکە سەربەرزە جەرگسووتاوە شۆڕشگێڕە، کەمتر لە یەک ساڵ دوای هاتنەوەی، کۆچی دوایی کرد و بۆ هەمیشە لە تەنیشت کوڕەکانیدا لە گۆڕستانی تاڵەسوار لە ئامێزی خاکی دایکدا سەرینایەوە.



حەسەن خانی ڕەزاو

٣- **حەسەن خان** (بە شێوەزاری بەشێ لە خەڵکی ناوچەکە: هەسەن سانی ڕەزاو) سەرۆکی بەرەبابی بەهمەنسوڵتانیی هۆزی سانەکانی هەورامان، یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی ناو سەرۆکهۆزەکانی ناوچە بووە. لە چەندین بەرەدا فەرماندەی عەشایری مەریوان و هەورامان بووە لە شەڕەکانی دژ بە لەشکرکێشیی ڕووس لە هێڵی سنە_مەریوان لە ساڵەکانی ١٩١٦ و ١٩١٧ دا. یەک لە ڕوخسارەکانی عەشایەری کورد بووە کە لە پشتیوانیی سالارولدەولەدا بەشدار بووە لە هێرش بۆ سەر تاراندا (٦). لەگەڵ هەر دوو ڕژیمەکەی پەهلەوی (باوک و کوڕ) چەندین ساڵ لە جەنگ و پاشەکشە (بەرەو باشووری کوردستان)دا بوو. (٧) هەروەها یەکێک لە بەندکراوەکانی بەگزادەگیرانیش بووە.

لەو سەرچاوانەی کە باسی شۆڕشی شێخ مەحموود دەکەن و هەروەها لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیتریشدا شوێنپێی ئەرێنیی حەسەن خان نابینرێ و هیچ ناونیشانێکی نیە. بە داخەوە وا دیارە کار و چالاکییەکانی حەسەن خان ، بە پێچەوانەی هاوپێرەکانی، تاموبۆ و تانوپۆی نەتەوایەتییان نەبووە و تەنیا لە چوارچێوەی تەسکی عەشیرەییدا و بۆ پاراستن یان گەشەپێدانی دەسەڵاتەکەی خۆی بووە.

لە کتێبی "تاریخ سیاسی اجتماعی رزاب، مختار اسلامی، ل ٢٩٢" دا لە زاری مزەفەر خانی ڕەزاو برای حەسەن خان و هەروەها کاک سەعید مستەفاسوڵتانی کوڕی حەمەڕەشید بەگی ئەڵمانەوە هاتووە: شێخ مەحموودی نەمر، شێخ لەتیفی کوڕی بەتایبەتی ناردووە بۆ ڕەزاو و داوای هاوکاری لە حەسەن خان کردووە و ئەویش وڵامی نەرێنی پێداوەتەوە. هەروەها ئەم بەسەرهاتەشی گێڕاوەتەوە کە کاتێ شێخ لە مەریواندا بووە و بۆ کۆکردنەوەی هاوپەیمان و ڕاکێشانی سەرنجی هۆزەکان بۆ شۆڕش، جەولەی بە ناوچەکەدا کردووە، لە سەوڵاوادا لەگەڵ گەورەپیاوانی ڕەزاو دیداری کردووە و داوای هاوکاری لێیان کردووە و ئەوانیش دوای پرس و ڕای ناو خۆیان، ڕۆژی دواتر بە نامەیەکدا وڵامێکی بۆ دەنێرنەوە و شێخیش کە زانیویە وڵامەکەیان چیە (واتە "نە" یە) نامەکەی نەخوێندووەتەوە و بە پەیامنێرەکانی وتووە بڕۆنەوە، نامەکە وڵامی گەرەک نیە و بە بێ خواحافیزی جوابیانی کردووە. (هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٤)

وەک چۆن ئەم بابەتەی بەردەستتان هەوڵی داوە کۆمەڵیک تەم و مژی مێژوویی بڕەوێنێتەوە و زانیاریی نەوتراو و تازە پێشکەش بکات؛ بە هەمان شێوە هیوادارم ڕۆژێک بێ و پێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوە سەبارەت بە حەسەن خان، دەربکەوێ و ئەوجار ئێمەش شانازی زیاتر بکەین بە ڕەزاوی دێرین و خۆشەویستمانەوە.

**تێبینی:**

ئەم نامەیەم لە بەڕێز کاک سەعید مستەفاسوڵتانی وەرگرتووە و بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر کەسایەتی و ڕووداوەکان، لەگەڵ بەڕێز کاک ڕەشاد مستەفاسوڵتانیدا وتوێژێکم کرد و ئەویش بەو پەڕی دڵاوایییەوە هاوکاری کردم. سپاس بۆ لوتفی هەردوکیان.

**پەراوێز:**

(١) سەرەڕای ئەوەی کە بەگزادەکانی ئاڵمانە و دزڵی بنئامۆزای یەکترن، فەرەج بەگی ئاڵمانە خوشکەزای مەحموود خانی دزڵی بووە و خێزانی عەلی بەگی کوڕیشی کچی مەحموود خان بووە.

(٢) لە کتێبی "قیام شیخ محمود برزنجی و مردم کرد علیه استعمار بریتانیا در کردستان، مولف: احمد خواجه افندی، ترجمه احمد محمدی" باسی کۆبوونەوەکەی چۆڕ کراوە و تیایدا دەقی قسەکانی حاجی فەرەجوڵا بەگی ئاڵمانە بەمجۆرە هاتووە: "ما ضمن خاک پا بوسی با جان و مال و دارائی جان خود و فرزندانمان تحت امر ملک محمود و صدور فرمان ایشان آماده میباشیم برای تحقق یافتن عقیده و باورتان برای جان فشانی و ریختن خون خود پیمان میبندیم و آماده جانبازی هستیم." واتە: ئێمە بە گیان و ماڵ و ئامادەین کە خۆمان و منداڵەکانمان لە ژێر فەرمانی مەلیک مەحموودا بین و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیدا هەر چەشنە گیانبازییەک دەکەین و بە خوێنی خۆمان پەیمانی لەگەڵدا دەبەستین.

(٣) دیلەکانی گوندی ئەڵمانە لە شاڵاوی بەگزادەگیراندا بریتی بوون لە: ١- حاجی فەرەجولا بەگ، گەورەی بنەماڵەی مستەفاسوڵتانی ٢- حەمەعەلی بەگ کوڕی گەورەی ٣-حەمەشەریف بەگ کوڕی دووهەمی ٤- یەکێک لە پیاوەکانی حەمەشەریف بەگ بەناوی ئاغەوەیس خەڵکی گوندی ناو لە هەورامان. حاجی فەرەجوڵا بەگ لە زینداندا کۆچی دوایی کرد و ئەوانیتر پاش شاربەدەر کردنی ڕەزا شا کە درگای زیندانەکان ئاوەڵا بوون، گەڕانەوە. ماوەی زیندانەکەیان لە بەندیخانەی شارەکانی داموغان و سیمناندا تێپەڕاند.

(٤) نووسەری هێژا کاک ئیرەج مورادی لە [توێژینەوەیەکدا] ئەو بەسەرهاتە بەمجۆرە دەگێڕێتەوە: "حەمەشەریف بەگ بە هەر لەونێک ئەبێ خۆی لە زیندان دەرباز ئەکا. لە گەڕانەوە لە دەراو تازاوای قەڵاجوخ تووشی حاجی ئاغە عەباسی زۆنج ئەبێ [هەندێ سەرچاوەش ئەڵێن لە شانی ملەکەوە و حەوزی حاجی لە نزیک گوندی باقلاوا] دوای قسە و باسێک حەمەشەریف بەگ بە ئا عەباس ئێژێ لێم گەڕێی ملکی تازاوات پێئەدەم [تازاوا و بەشێک لە گزەردەرە لە کەڵاتەرزان ملکی بەگزادەکانی ئاڵمانە بووە] ئا عەباس قەبووڵی ناکا و قۆڵبەستی ئەکا و تەحوێلی دەوڵەتی ئەداتەوە. پاش ماوەیەک کە حەمەشەریف بەگ لە زیندان ئازاد ئەبێ، لە تۆڵەی ئەو کارەدا، هەڵەکوتێتە سەر زۆنج و ماڵ ئا عەباس. دواتر بەگزادە و مالکی ئاواییەکانی دەوروبەر ئەم ناکۆکیە بە باش نازانن و هەر دوو لا ئاشت ئەکەنەوە."

خۆیشم (سەباح) لە لێکۆڵەرێکی شارەزای مێژووی ناوچەکەم بیستووە: "لەو کاتەدا کە حەمەشەریف بەگ لە زونج دەبێ، دۆستێکی بەوەفای بە ناوی کاک حەمەڕەشید خەڵکی گوندی تازاوای قەڵاچوخی کەڵاتەرزان بە نهێنی تفەنگێکی پێدەدا کە دەرباز بێت. بەڵام لەو دەمودەستەدا هاوسەری حەمەشەریف بەگ لە ئاڵمانەوە دەگاتە زونج و ئیتر ئەمیش لەبەر ئەوەی کێشەیەک بۆ خێزانی دروست نەکەن، هیچ ناکات، ئەگەرنا بە ئاسانی دەیتوانی خۆی دەرباز بکات."

(٥) حەمەڕەشید بەگ بە ناوی خوازراوی " گمنام مریوانی" وتارێ دەنووسێ و لە گۆڤاری کوهستاندا بڵاودەبێتەوە. ["ناله مریوان"] ناوی ئەو ڕاپۆرتە هەواڵەیە و باسی پێشێلکاری و زەخت و زۆرەکانی ئەرتەش لە مەریواندا دەکات. ئەم بابەتە کاردانەوەی فەرماندەی ستادی ئەرتەشی ئێرانی لێکەوتەوە و بوو بە باسێکی ڕۆژەڤ لەو گۆڤارەدا و چەند وڵام و ڕاپۆرتیتری لەسەر نووسرا. هەروەها بابەتێکی دیکەشی هەر لەم گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بە بنیاتنانی قوتابخانەی ئاڵمانە.

(٦) بۆ پشتیوانیی لە سالارولدەولە لە ساڵەکانی ١٩١١ و ١٩١٢ دا ڕێژەیەکی زۆر لە عەشایری کورد و لوڕ هێزەکانیان یەکخست و بە مەبەستی گرتنی تاران هەتا نزیک قەزوێن لەشکرکێشییان کرد. سالارولدەولە بەتەمای دانیشتن لەسەر کورسیی پاشایەتیی قاجاڕ بوو لە جێگەی محەمەد عەلی شای برایدا کە لە ئاکامی شۆڕشی مەشرووتەدا هەڵپەسێردرابوو. لە ناوچەی مەریوانەوە جگە لە حەسەن خانی ڕەزاو، مەحموود خانی کانیسانانیش لەو ئۆپەراسیۆنەدا بەشدار بووە.

(٧) نوکتەیەکی خۆشی حەسەن خان زۆر باوە و ئێستاش دەم بە دەم خەڵکی ناوچەی شامیان دەیگێڕنەوە: لە یەکێک لە شەڕەکانی لەگەڵ حکومەتی پەهلەویدا، هێزی ڕژیم شکستێکی سەخت دەخوات و هیچ کەسیان دەرباز نابن، پاشان فەرماندەی ئەو کاتەی ئەرتەش لە پارێزگای سنە بە ناوی سەرهەنگ هووشمەند ئەفشار هەڕەشەنامەیەک دەنێرێتە سەر حەسەن خان و دەڵێ: "ئێمە تۆپ و تەیارەمان هەیە و تۆ دەرەقەتمان نایەیت، بەرگری مەکە." ئەوش بەم تاکە هەجوە وەڵامی بۆ دەنێرێتەوە: "بە سەری سەرهەنگ بە ناوگەڵ خانم، تۆپ و تەیارەت بە ک..م ئەزانم"

(ئەم شەڕە مانگی گوڵانی ١٣٢٤ /١٩٤٥ لە ملەی قژاکان لە نزیک گوندی نگڵ لە ناوچەی کەڵاتەرزاندا ڕوویداوە).